# دوای مانگرتن، خەلکی شاری سلێمانی دەستیان کرد بەخۆپیشاندان!

**دوکان‌و بازارەکانی شاری سلێمانی ئەمرۆ تاکو کاتژمیر 10ی سەرلەبەیانی بەریژەیەکی زۆر، نەکرانەوە کە وا مەزندە دەکریت رێژەیەك لەنیوان 50٪–60٪ی دوکان‌و بازارەکان پەیوەست بوبن بەمانگرتنەکەوە. لەکاتژمێر 10ی سەرلەبانیشەوە خەلکی شاری سلیمانی لە بەردەرگای سەراوە بەرەو شەقانی مەولەوی لە خۆپیشاندانیکی هێمنانەو شارستانیدا دا بەریکەوتن بەرەو شەقامی مەولەوی و ئێستا خۆپیشاندانەکە بەردەوامە.**

**خۆپیشاندانی خەلکی شاری سلێمانی، بۆ خواستی ئازادکردنی زیندانە سیاسیەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان‌و هەروەها لە پیناو دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنیدایە. لەدرێژەی هەوالی ئەم خۆپیشاندانە زیاتر ئاگادارتان دەکەینەوە.**

**ڕیکخراوی کوردستان**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
2006/8/13